# بەهەشت




عەباس مەعروفی
لەفارسییەوە: باران



ئیتر سێوێک نەماوە
نە بۆ من
نە بۆ تۆ
نە بۆ ئادەم و حەوا
...

سەیر کە!
هێند دڵتەنگم
ئیتر ناتوانی چاوەکانم بکەیتەوە.

تەنانەت ئەگەر
هەر سێوێکش مابێتەوە
ڕاودەنرێم.

سێو یان گەنم؟
هەمیشە بیانوویەک هەیە.
شکۆفەی بادەم

خەمی ناو چاوەکانی تۆ
پێکەنینی هەنار
ئەم هەموو بیانووە
تاکو دیسان
بانگ بکرێم
بۆ باوەشت و
بە سەری پەنجەکانی خۆم
لە ڕازەکانی زەوی
تێبگەم
زەوی نا
خاڵ بە خاڵی لەشت.

خاتوونە جوانەکەم
دەستەکانت
سێوەکان دڵڕفێن دەکەن.